# گەشتی سیزیف بە (وڵاتی عەبەس) ی منا

حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ



( (کۆمیدیایەکی شیعرییە و لەسەر سکرینی مێشك نوومایشدەکرێ) )

( (وێنەییێکی سوریالیی) )

*پزیزکی تـرپەی دڵی پەروانە*
*گڕو تین، بە ڕوناهی*
*چرا ئەبەخشێ*
*مۆتۆڕی باڵە فرکەی بەلاتینك،*
*سەرچاوە و کانیلەی بۆن و شیلەی*
*. . . . . . . . فابریکەی گوڵزارە. !*

( (وێنەی زیندووی مردوو) )

*لەژێر داری زڕ دا*
*لە سای دارکۆتەڵدا،*
*چرۆ پاڵکەوتووە . . . . . !*
*گەڵا ش ؛ گەندەمووی پشتی لاسکە ڕەگ هەڵئەکێشێ . . !*

( (وێنەی مردوو) )

*پیرەژنان،*
*حەزرەتی برسێتی لە جێ نزرگەی مەرگا . .*
*مرازی زارۆکان بە شەمەندەفەری مە نجەنیق :*
*بەرەو خۆر بەرێئەکا. .*

( (وێنەی مرددوی زیندوو) )

*درەختی پیرۆز،*
*لە جیاتی گەڵا پەرۆ مووچ ئەگرێ. !*

* *پیرە پیاوان،*
**ئاه لە سینەدا سیخناخ بوو**
**لە بێهەناویدا. . دار و سەبیلەی سیگاریان،**
**لە کادێنی بەر پشتووێنیان شەتەکداوە . . . . !**
**وەك ساوای نەو، بە گڕو گاڵن،**
**گڕووی وڕکیان لە بارەگای خوادا گرتووە**
**بێ دەستنوێژ :**
**نوێژی سەلاتوول تەزبیح دادەبەستن . .**
**بەڵکو خوداش وەك زرێیار سەرەونگوومی بکا**
**تەلاری شەختەی پادشایان**
**کون فەیەکون هارەی بێ،**

خرش. .

خرش. .

خرش. . . . . بێته خوارێ !

( (سیزیف و گێژەنی پەتارەشکە) )

(وێنەی ز یندوو)

بەردە خرِ کە و درێژ کۆلە و لووسی

دەر کۆلان و سەرقەبران. .

لە نێو لە پی دا پیرە – سیزیف – دا

ئارەقەی پەژمووردەیی و ئەتککراوی لێوە ئەتکێ. . . . !

هەر خرِ کە بەردە و بە زناری کێلی

هێسك و پرووسکی هەزارەها و هەزارەها

قووتیلکە شێخ و مەلا فافۆنیە زرِ و بێفەرِ اندا

خلۆر. .

. . . . . . . خلۆر ئەبنەوە. . !

( (بەردەکەی نێو چنگی سیزیف) )

*بەردەکە / گرتی و . . نەیگرت

هیوا، ئاوات / هاتەدی و . . نەهاتەدی

مراز، نیاز / قبوولە، . . قبوولْ نییە. . !

خرِ کە بەردی مراز و نیاز :

بە کێلی کۆتەلە حەزرەتدا،

تل . .

تل . .

بەر ئەبنەوە . . !

خرِ کە بەردان، بە ئاوەز و خەیالی خانەنشیندا هەلئەزنێ و

بە پەشێوی و بە پەرۆشی . . . . بە راشکاوی

ئارەقەی نێوچەوان و هەنیەی ئەتکێ . . !

هەر خرِ کە بەردە و : خلۆر . . خلۆر

تلۆر. . . تلۆر

خل وتل ئەبێتەوە. . !

( (سیزیف و گێژەنی پەتاسپیکە) )

پیرە لاوان، مەل ئاسا

تەرەبووی نێو عەزیای سەراب و زەلکاوی دۆزەخی خەیاڵن !
نامۆ ئاسا، ونبووی نێو ئاگردانی بەهەشتن. .
دەروێش ئاسا سەرکوڵاو / ئاوێتە بە هزرو ئەندێشە . .
لۆژیك دوژمنان. .
ئەوانەی زیکر و تەلاقیان گرێداوە،
بەدەم دەسماڵ و پریاسکە کرۆشتنەوە،
مەلاشوویان بۆ بێهوودەیی و عەبەس
یا دروشمی بێ میتۆدی تەرەس،
. . . . . . . . هەڵدراوەتەوە !!
ژەهراوی قەدەری سیزیفە و بە زار و قوڕ گیانا کراوە . .
ژەهراوی چەپگەردە و
بە ژێر پێی نەوجوانانا رێژراوە
* لە نشێو و نسێی ونبوونا،
سەرمەستی گاشەبەردێكن. .
لە پای هیچا : بیستوچوار کاژێرە . .
بە سێبەر و زناری زەمەنا هەڵئەزنێن و هەڵئەبەزێن . . !
لە پای هیچا : نا، لە پای بەهەشتی سەرابستانا،
هەتا ئەمێستاش،
هەر هەڵئەبەزێن و هەڵئەزنێن . . !!
( (لەقتەیەك) )
گاشەبەرد ؛
بە ئەرد و کێوی دەروونی عەبەسا
هەڵئەزنێ و تل ئەخوا . .
گاشەبەرد، مۆڵگەی گێلیی و نەفامیە . .
گاشەبەرد، هێلوونی کورەزای بەلایە
مۆڵگەی ماری نەهامەتی و ئاهۆیە. . !
( (پانتۆمایمی لەقتەکە) )
ولات، هەواری گاشەبەردە
گاشەبەرد، کەللەسەری بەردینە
کاژەڵەی ولات ؛
گاشەبەردی بەدبەختیە و بە نێو جۆگەلە و
چەمی دڵی مامە سیزیف دا
بێسرەوت و هەدادان. .
. . . . . . هەنووکەش پێچ و لوول ئەخوا. . !
* * *

( ( (فلاش باگ) ) )

حوکمی سروشتە ؛
سروشتی نەفرین . .
ئەو یاسایە، یاسای چەپگەردە
ئەفسووس ئەو مێژووە بێشایانەی
حوکمڕانی و کۆشك و تەلار
قاشێکە لە بەستەڵانی ئەم گۆی زەمینە . .
دیرۆکی پادشایانی کوێرە وەجاخ ؛
بە زەبری لەهی چەرخە دۆڕاوەکانی مێژوو
. . . . . . دەر ئاییندەی هەرگیز ڕامالێنە !!
. . . . . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . . . . .
( ( (لەقتەیەکی ئێجگار دوور + ئەندێشە) ) )
لەمێژە
نا هەر لە چەرخی سەهۆڵینی مێژووەوە
ئەو دەمەی ؛ تەنها پادشایان زمانیان پژا بوو. .
– هەر لە سالآنی بەزین و دۆڕانەوە. .
ئەو دەمەی مێژووی پادشایان
شیلەی گولآوی کۆیلەیان ئەمژی
ئەو دەمەی کۆیلەش،
کڕ نووشی بۆ ئەهریمەنی (شەڕ) ئەبرد
هەر کۆیلە بوو ؛
خوێنی کۆیلەی برای ئەمژی. . . . !
لەو کاتەوەی پەتای شەختە،
هەردوو مەملەکەتی (ئەقڵ) و (هزر) ی پووکانەوە
لە جێشووندا ؛
(جەهالەت) و (نەفامی) ئافەریدە کرد. .
ئەو دەمەی کەللەسەری (میر) و (پادشا) کان
بوونە کوڕەزا و دووا وەچەی
گاشەبەردەکەی نێو چنگی مامە سیزیف . .
–دیرۆکی ئافەریدەبوون بەرپا بوو
ئافەریدە بوونی مرۆ /
چیرۆکی مرۆی بەبەرد بوو
ئافەریدەی مرۆی مردوو

* * * *

ئەو کۆیلانەی لەنێو تەنووری نووتەك و
مەملەکەتی ئەشکەنجە و تارماییدا، ئەبریسکانەوە
بە نرکە و قەڵبەزەی
تاڤگەی کوانووی دڵ و خوێنیان
بەدلۆپە فرمێسکی سووتاوی دیدەیان. .
بە قوڵپی هەڵقرچاوی زام و برینیان،
بورکانی کڵپە. .
سێڵاوی ئاگر . .
ڕووبارێ بوو ؛ زۆڵە پادشایانی هەڵئەلووشی
بەڵام گۆی کاسەسەریانی پێ قووتنەدرا . . . . !!
* * *
( (لەقتەیەکی نزیك) )
ڕووبار، کیشوەر. . ڕشانەوە
زەریا. . دەریا،
لێڕەواریش هێڵنجیاندا. .
- شا ئەهریمەن،
کە سەرقاڵی داوەت و شایی کیژی ئاسمان بوو
کیژ پەری ؛
مارە بڕی گەنج پادشای هەور و برووسکە بوو
ترپە و نرکەی دڵی ئەهریمەنیش،
لە گوێی بووکی ئاسمانا، ئەزرینگایەوە
خەونی نەمریی،
نووری مەزنیی،
پزیزکی برووسکە بوو لە چاوانا ئەبریسکایەوە. .
یاساوڵی شەختەبەندی ئەهریمەنیش،
تارای لە سەر و ملی بووکپەری چاو بە هێسترەوە ئاڵاند
هەور گریا . . گریاو، گریا. . . . . .
ئاسمان، تاونا تاوێ سەرخۆش ئەبوو. .
مارشی چەخماخە،
ڕەشبەلەکی ڕەهێڵە . .
زەنگی یەکەمین –بیگ بانگ – بوو
سەری کۆسمۆسی وڕ و کاس ئەکرد . . !
گەواڵە هەناوی هەژان. .
ئەستێرەی هەور و ئەستێرەی باران . .
ئەستێرەی ئەوین و ئەستێرەی نیشتمان . .
یەك لە دوای یەك کوژانەوە .... . . !!!!

( (لەقتەیەکی دوور) )

تا نێو قەدی سەدەیێ ؛
هەر تۆف داباری
زەمین چۆکی شکا . .
کەشتیەکەی – نوح – باپیر، لە نێو جۆلانەی لەهی تۆفانا
سەمای ئەکرد . . . . . .
تۆفان ؛ دیدەی ڕۆح وهەناوی خاك و دەریای کوێر ئەکرد . .
لێزمەی باران، هێندە سنگ و مەمکی چیا و هەردی
ئاراراتی لێسایەوە . .
نیگای سست بوو، ووزەی شڕ بوو . .
پشتی کۆما، هەناسەی لێبڕا، دڵی پووکایەوە
پووره مێشی نێو بەرۆکی تەرزە و بەفر،
کەوتنە گیزە . .
دەستە و یەخەی گۆپکەی سنگی هەڵتۆقیووی چیا بوون و
ئەوسا ڤایرۆس ؛ ڤایرۆسی ڕەش لە دایکبوو . .
کاتێ پایرۆس گاگۆڵکەی کرد،
گەرای شێرپەنجەی ئەم زەمینەش ترووکا . .

( (دەنگێکی دوور) )

لە نێو جەرگەی لابۆری پەترۆڵی مێزۆپۆتامیادا ؛
مرۆ و کرم و، دەعبا و مێش، ڤایرۆس و گەرا
لە شیری سەوزی – دیجلە و فورات– دا دەمیان تەڕ کرد،
شیرو ڤایرۆس، یەکەم کۆکتێلێ بوو
– کۆرپەی ژیان – بەیەك قووم فرێکرد . . . !
هەردوو ڕووباری پەلکە زێڕینەی بەدووم
یەك چاوگ و کانیلەی ئەزەلیەتی مەرگ و مردن بوون
مردن و ژیان بوون . .
بانگەوازی لەدایکبوونی یەکەم ئینسانی مردووی لێوە درا
نا یەکەم ئینسانی مردووی زیندوو !! . .
یەکەم مرۆ ؛
لە منداڵدانی ئەم خاکەدا لەبارچوو کە پێی بێژن –شەرقول ئەوسەخ –
(–مرۆی کۆتەل،
ئەهریمەنی کورتەبنە . .
کورتەبنە کلۆلەکان . .
لەنێو هێلکەی گەماراوی دایناسۆردا،

له نێو پزیزکی نووتەکدا، سەریان هەڵدا .... !

( (لەقتە . . وێنە . . دەنگ) )

بەزەبری چەرخی سەهۆڵبەندانی مێژوو

ژیان گاشەبەردێکە و

هەروەك ئەستێرك و گۆمی نێو کەللەسەری

پادشای مەملەکەتی شەختە . .

ژیان گاشەبەردە و، کاژەڵەش گاشەبەرد

لە هۆبەی بەر گەرداوی مرۆی هەردەم کۆیلەدا

بە قەڵبەزە و تاڤگەی کوانووی خوێناوی مەبیو دا

هاڕەیاندێ و ئەکەونە خوار . .

بە ڕووبـاری ئەشکی هەڵقرچاوا ؛

بە لەهی قوڵپی زام و برینا . .

دڵۆپە . . دڵۆپە . .

کەلەسەری وەچەی مردوو . . ئەڕ ژێنە خوار . . !

( (دەنگی نزیك) )

چاو وەك چیا ؛

کاسەسەر هەروەك گاشەبەرد

گاشەبەرد ؛کەللەسەری – بێ هزر و ئاوەز –

نا . . ! کاژەڵەی پڕ لە گوو . .

بە نێو تیشکی سەرابی وڵات و

مەملەکەتی شەختەما ڕۆچوو. . . . !

مێشکی ئینسانی مردوو . .

هەروەك بـارە گوێزی پووچی سەر پشتی

کۆماویی مامە سیزیف

. . . . . . . . خرەیان دێ

خلۆر . . خلۆر . .

تلۆر . . تلۆر . .

دە . . کە . . و نە . . خو . ار . . !

( (دەنگێکی نزیکتر) )

وڵاتێکی سەرا پا بەرکەمال بە مرۆڤی بێ کەللەسەر

کاسەسەریش، وەك گاشەبەرد

( (گاشەبەردی عەگال بەسەر،

کەللەسەری عەمام لەسەر

هێسکی زیندووی (تـارمایی) جامانە بەسەر . .) )

هێی. . هێی
هێی وڵات. . هێی مرۆ !
ئای کەللەسەر. . ئای گاشەبەرد !!
ئاخ . !
هێی. !
چیا و هەردی سیخناخ بە گاشەبەرد !

( (دەنگی خۆم) )
ئای !!
ئای ژیانی بێهوودە !
هێی. ! چیا و هەردی بێهوودە !
– هێسکی زیندوو، بە دەشت و کێوی
وڵاتی عەبەسا هەڵئەزنێ و تل ئەخوا . .
مرۆی مردوو، گاشەبەردی مرۆیەکی لەبارچووە و
بەدەم هەرد و زناری وڵاتی شەختە بووما
وا بەسەر قەڵبەزەو
تاڤگەی ڕووباری نەفرینا
وا بە نێو جۆگەلە و
چەمی دڵی هیلاکی سیزیفا
هەر کەللەسەرە و،
ئەمێستاش بێووچان،
پێچ و لوول ئەخوا . . !!!

ڕاڤەی هەندێ ووشە ؛

ئاوەز : ئەقڵ ، ژیریی .
بەلاتینگ : پەپوولە، پەروانە .
ئاهۆ : 1– ژان، ئازار . 2– پەتا، درم.
نەو : نوێ، تازە.
هێلوون : هێلانە .
لەهی : لافاو، سێلاو.
کاژەڵە : کاسەسەر، کەللەسەر.

**كۆسمۆس** : **گەردوون، دونیا** .

**بیگ بانگ** : **تیۆری تەقینەوەی خۆر و ئافەریدەبوونی گەردوون** .